# ئینسانی بچووک و ڕووداوی گەورە!

## سەبارەت بە لاڵانەوەنامەکەی

## حەمەسەعید حەسەن، زیرەك کەمال،سەعدوڵا پەرۆش،فەرهاد عەونی

## لە پەیوەند بەکێشەی د.کەمال سەید قادرەوە

حەمەغـــــــــەفور

بۆ سێ مانگ دەچێت دوای ڕفاندنی لەلایەن دەزگای پاراستنی پارتییەوە بەمەبەستی لەناوبردنی، بەهۆی نووسینی دوو ووتاری ڕەخنەییەوە لەسەر پارتی وسەرانی، کێشەی د.کەمال سەید قادر بۆتە مەیدانی کێشمەکێشێکی کۆمەلایەتی گەورە لەئاستی کوردستان ودەرەوەشدا. بەتایبەتی دوای ئەوەی لەدادگایەکی خێڵەکی ئەو حیزبەدا بە30ساڵ زیندانی حوکمی بەسەردادرا. ئەم مەسەلەیە کۆمەڵگای کوردستانی ڕاتەکاند و وەکو زەنگێکی ترسناك لەئاستی سەرتاسەری وکۆمەلایەتیدا دەنگیدایەوە. جموجوولێکی کۆمەلایەتی وسیاسی بەرفراوان وەکو کاردانەوەی جەماوەری لەدژی ئەم هەنگاوەی پارتی سەریهەڵدا وئازادیخوازان وڕووناکبیرانی چاونەترس کەوتنە ڕیزی پێشەوە. یەکێتی نقی لەخۆی چنیوە وئەم هەلوێستەشی بۆ خەڵك غەریب نییە. ئەویش دەستی لەپارتی کەمتر خوێناوی نییە بەسەربڕینی ئازادی سیاسی وئازادی بیروڕا! بەمشێوەیە کۆمەڵگایەك بەگشتی ڕووداوێکی وەکو ڕفاندن وحوکمی د.کەمالی بەهەند وەرگرتووە وبەهێرشێکی ترسناك سەیریدەکات بۆ سەر ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی وئازادییە فەردی وکۆمەلایەتییەکانی دیکەی خۆی وتاکەکانی، وەدەیەوێ بەخەباتێکی یەکپارچە وسەرتاسەری بەرپەرچی بداتەوە. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەدانەدانەی ویژدانی ئینسانی وئازادەی کۆمەڵگای کوردستانەوە، کەچی ئەم چوار کەڵە نووسەر وئەدیبە بەزمانی لاڵیانەوە لەقیافەی ویژدانێکی بچووك وهەڕاجکراودا گەمەیەك دەکەن لەخۆڵەپۆتانێی منالان دەچێت! خەڵکی ئازادیخواز وبزووتنەوەی خوازیاری دەسبەجێی د.کەمال وبەرگری لەئازادی سیاسی وبیروڕا دەیانەوێ ئەم حوکمە خێڵەکییە بپێچنەوە وپارتی عاقڵکەن چۆن ڕێزبگرێت لەم هەقە عەزیمەی کۆمەڵگا، کەچی ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ بەم لاڵانەوەنامەیەیان خواستی ئەم بزووتنەوەیە بەلارێدابەرن و وای نیشان بدەن کەبەلێ ئەم باڵە دەسەلاتە ناسیونال-عەشایەر-میلیشیاییە، شەرعییەتی هەیە، وئەم جەناب عالییانە خۆیان لەحاکمی زەمانە دەپاڕێنەوە کەمادام خواستی ئەم خەڵکە ئەمەی دەوێ د.کەمال ئازاد بکات! بەم مانایە ئازادی ووشەیەکی عەزیمە وئینسان کاتێك دەتوانێ دەسبەرداری ببێت، کەبالای ویژدان وهەڵوێستی هێندە بچووك ببێتەوە کەسەرەڕای ئیدیعاکانیشی بۆ بەرگری لەماف ولەئازادی وشتی لەم جۆرەش،لەپاڵ دەسەلاتێکدا ڕابووەستێ کەبناغەکەی ڕەنگ وبۆنی مەدەنییەتی پێوە نییە وسەرپاك خێڵکی ومیلیشیاییە!

بەواتایەکی دیکە،ئەم چوار کەسە ناودار وقەڵەمبەدەستە وەکو بەڕوو لەدەمیاندا تەقیبێت، لاڵانەوەنامەیەکیان ئاراستەی نێچیرەوان بەرزانی کردووە، گوایا لوتف ومەرحەمەتیان نوواندووە وهەرچەندە نووسینەکانی د.کەمال بەلای ئەوانەوە شیاوی داکۆکیش نین! چشیانکردووە ولەحاکمی زەمانە دەپاڕێنەوە کەلە د.کەمال خۆشبن! ئامانجی دووفاقەی ئەم چوار خێرخوازە لەپەیوەند بەکێشەی کەمال سەید قادرەوە بەلای منەوە بەمشێوەیەیە، دەمێکی ئەم مەبەستە برتییە لەسوالکردنی دەریچەیەك لەخەڵکی ئازادیخوازی ولایەنگری ئازادی بێ مەرج وقەیدی د.کەمال لەڕێگەی ئەم چوار کەسایەتییەوە، سابەڵکو پارتی بتوانێ لێیەوە دەستی لەپەتێك،پەردەیەك،شتێك گیرببێت بۆ دەرباربوونی لەم قەیرانەی بەهۆی حوکمدانی کەمال سەید قادر بە 30ساڵ زیندانی بەرەوڕووی بۆتەوە. ئاخر بینیمان حکومەتی ئەمریکا بەشوێن شەپۆلی ناڕەزایەتی گشتی ئازادیخوازان وڕووناکبیراندا لەئاستی ووڵاتانی دەرەوە، وبەتایبەتی خۆپیشاندانی (کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وڕادەربڕین)دا لەهۆڵەندا ڕۆژی 6-1-2006 بۆبەردەم باڵویزخانەی ئەمریکا لەشاری دەنهاغ، نەك لەبەرئەوەی ئەمریکا زۆر دیموکراسییە یاخود بڕوای پێی هەیە، بەڵکو بەوهۆیەوە کەکێشەی د.کەمال سەرەنجام ئیحراجاتی گەورە بۆ ئەمریکا لەعێراقدا پێکدەهێنێت، گوێی پارتی باداوە! دەمی دووەمی ئەم ئامانجە هەوڵدانە بۆ بەرگرتن بەفراوانبوونەوەی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتی وئازادیخوازە کەلەسەر بنەمای کێشەی د.کەمالەوە شکڵی گرتووە. بزووتنەوەیەك کەژمارەیەکی لەڕادەبەدەر لەخەڵکی ئەندام ولایەنگری ئەم دوو حیزبەشی لەگەڵدایە وبەرەو ئەوە دەڕوات گەورەتر وگەورەتر ببێتەوە وئازادی بۆ د.کەمال وئازادی هەڵسووڕانی سیاسی وئازادی بیر وڕای کردوە بەشیعاری سەرەکی خۆی.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو باڵێکی بزووتنەوەی کوردایەتی، میژووی لێوانلێوە لەکردەوەی ناجوامێرانەی ڕفاندن وشوێنبزرکردنی کەسانی ئازادیخواز وموخالیفانی سیاسی وهەموو ئەوانەی ملیان بۆ دەسەلاتی خێڵەکییان درێژنەکردبێت! دەزگای پاراستنەکەی بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. باڵە گەنجترەکەی دیکەی ئەم بزووتنەوەیەش(یەکێتی نیشتمانی) بەهەمانشێوە دەزگای زانیاریی پێکەوەناوە. ئەرك ولاوچاکی ئەم دەزگایانە بەشێوەی ڕێکخراو تەسفیەی موخالیفانی سیاسی وسەرکوتی ئازادیخوازان ودەنگی ناڕەزایەتی خەڵك وتیرۆری هەموو ماف وحورمەتە فەردی وئینسانی وکۆمەلایەتییەکان بووە. ئەمە جگەلەوەی کەئەم دەزگا جاسووسیانە هەروەکو موخابەراتی ڕژێمی بەعس لەپاڵ دام ودەزگاکانی دیکەی سەرکوتیاندا بودجە وخەرجییەکی لەڕادەبەدەریان بۆ هەڵرژاوە لەلایەن ئەم دوو حیزبەوە. بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد وخودی بوونی ئەم دوو حیزبە لەخۆیاندا توانیویانە تەوژم

وجووڵەی گەشە وپێشکەوتن وشارستانییەتی کۆمەڵگای کوردستان خاوبکەنەوە،بەڵام نەیانتوانیوە ڕایگرن. سەرنجێکی سەرپێیی لەو برگە مێژووییەی کەئەم بزووتنەوەیە بەزیادیشەوە تیایدا بەمەرامەکانی خۆی گەیشتووە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت. ئەوان کوردستانیان کردە ئۆردووگایەکی ئاوارەیی وخەڵکەکەشیان موحتاجی کۆمەکە نیودەوڵەتییەکان کرد، وئەمەشیان بەدەسکەوت دایەقەڵەم وخەڵکیشیان پێ قەرزاربارکرد! کێوێك ڕۆڵەی خەباتکاری ڕێگای ڕزگاری وسەربەخۆیی کوردستانیان کردە قوربانی وکەچی بایی پووشێك نرخیان بۆ ئەو ئینسانانە دانەنا، وهەتا مووچەیەکی ناچیزیش دەدەنە دایك وباوکی "شەهیدان" سەد پەت پەتییان پێدەکەن وسەد پەنجەمۆریان لێوەردەگرن! سەران ودەرەجەدارانی ئەم حیزبانە لەژێر ناوی "کوردایەتی"دا لەهیچەوە بوونە ملیاردێر وهەمەکارە وخەڵکی کوردستانیش ئاوی خواردنەوە وڕووناکییان لێ چۆتە قاتی. لەهەمووش خراپتر پاش زیاتر لە80ساڵ ئیلحاقی ئیجباری کوردستان، دەرفەتێك کەبۆ بەکردەوە دەرهێنانی خواستی عادلانە وڕەوای ئەم خەڵکە وئەم کۆمەڵگایە هاتۆتەپێشەوە بۆ سەربەخۆیی، ئەم حیزبانە سات وسەوداو مامەڵەی پێوەدەکەن لەگەڵ ئەمریکا وڕەشترین ئیسلامی شیعەدا لەپێناوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی عوروبی–ئیسلامیدا لەعێراق! ئەم حیزبانە وبزووتنەوەی کوردایەتی بەکردەوە دەیان جار سەلمانوویانە کەلەبەرامبەر خەڵکدا ڕاوەستاون وناموٚن بەم کۆمەڵگایە. بۆیە ئەم خەڵکەش لەپێناوی بەرگری لەخۆیان ولەئایندە ولەماف وئازادییەکانیان دەبێ بێنە مەیدانی خەباتەوە لەدژی ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییانە وکۆمەڵگایەکی مۆدێرن وئازاد وکراوە بنیاتبنێن. ئازادی بێ قەید وشەرتی د.کەمال ئەتوانێ چەخماخەیەك بێت بۆ ڕاپەڕین لەبەرامبەر ئەم دوو حیزبەدا.

2006–1–15